www.kurdistannet.org
4-7-2006 15:20 بەکاتی ناوەندی ئەورووپا

گۆرانی گرفتار و (کێشەیەکی بێ کێشە لە ماڵپەڕی چرادا) .... هۆگر محەمەد

لە ماوەی ڕابردودا چرا نوسراوێکی بڵاو کردەوە، کە بۆ یەکەم جار گۆرانی گرفتار بە دەنگی گۆرانیبێژ میدیا بڵاو دەکاتەوە، گەر یەکێک گوێی لەو گۆرانییە نەبوبێت وا تێدەگات کە یەکەم جارە ئەو گۆرانییە بڵاو دەبێتەوە.
بەڵام ڕاستییەکەی، ڕابردووی ئەم گۆرانییە دەگەڕێتەوە بۆ ساڵانی هەشتا، بۆ یەکەم جار لە لایەن هونەرمەند شوان سولەیمانەوە وتراوە، لە (تیپی ڕۆژئاوایی زیرەک) .
هەروەها دواتر هونەرمەند سەلاح نەجمەدین وتویەتییەوە لە گەڵ (گروپی ڕۆژئاوایی ئەژین) دا لە هەولێر، ئەو گۆرانییە لە هەولێر و هاوینە هەواری سەلاحەدیین دەیەها جار وتراوەتەوە و بۆ دوا جار بەکاسێتییش بە دەنگی هونەرمەندی بەڕیز کاک سەلاح نەجمەدیین بەهەموو کوردستاندا بڵاو کرایەوە، ئەو کات ستارانێکی تەڕ و تازە بوو، زۆر لەو گەشتیارە عەرەبی و بیانیانەی ڕویان دەکەوتە کوردستان چێژێکی زۆریان لێ وەردەگرت و لە لایەن کۆمەڵانی خەڵکی کوردستانیشەوە پێشوازییەکی باشی لێ کرا.
لە چەندەها ئاهەنگی هەولێر و سلێمانی و زانکۆی سلێمانیدا لە لایەن چەندەها هونەرمەندی ترەوە وتراوەتەوە و جێی ڕەزامەندی زۆربەی گوێگران بووە.
کاتێک کە هونەرمەند چۆپی لە سەرەتای هونەرەکەیدا بوو، لە ساڵی 2001 لە میدیا تیڤی لە ئاهەنگی نەورۆزی ئەو تەلەڤیزیۆنەدا، ئەو گۆرانییەی تۆمارکرد و تا ئێستاش لە سەر سایتەکەی ماوە،
http://home. quicknet. nl/mw/prive/fam. fatah/mp3e6/Track7. zip دەتوانیت بچیتە سەر www. chopy.net لە لینکی موزیک دەیبینیت (ژمارە دووە لە بلۆکی سێهەم) .
ئەوە ڕاستییەکی هاشا هەڵنەگرە.
ئەوە گرنگ نییە کە ئەو گۆرانییە کێ و کێ وتویانەتەوە، هەر کەس بە شێوەی خۆی دەیلێتەوە و هەر یەک لەو هونەرمەندانە داهێنانی خۆی تێدا دەکات و گوێگران بڕیاری سەرکەوتوویی ئەو دەنگە دەدەن و هەموو کەس هۆگری خۆی هەیە.
هەموو کوردێکی هونەردۆست پێی باشە لە بری یەک مامۆستا عەلی مەردان، دە عەلی مەردانمان هەبوایە، لە بری یەک مامۆستا حەسەن جزیری، دە حەسەن جزیریمان هەبا.
ئێستاش گەر میدیا خانم بیەوێت چالاکی هونەری پێشکەش بکات، ئەوە جێی دڵخۆشی هەموو کوردێکی دڵسۆزە، بۆ نا؟. کێ دەڵێت گەر میدیا خان سیدی خۆی دەربکات و بەردەوام بێت لە هونەرەکەیدا، پاشە ڕۆژێکی یەک جار باشی نابێت، ئێمە پێمان خۆشە، دە چۆپیمان هەبێت.
کێشەکە لەوێ نییە کێ ئەو گۆرانییەی پێش کێ وتووەتەوە، کێشەکە لەوێدایە کە هونەری کوردی بە داخەوە بێ ئەرشیفە، تا ئێستاش کەس خەمی ئەوەی نییە، کە ئەرشیفێک بۆ هونەری مۆزیکی کوردی دابنێت، کە هەموو نەتەوەکانی سەردەم ئەو ئەرشیفەیان هەیە.
لە ئەورووپا پارچە مۆزیکی وایان هەیە 500 ساڵ کۆنە و ناوی دانەری موزیکنوسەکە دیارە و وون نەبووە.
دەتوانیین بڵێین (هونەری مۆزیکی کوردی) ئەرشیفی نییە، گۆرانی گرفتار، گۆرانییەکە لە سەر ستایلی مۆزیکی ڕۆژئاوایی ئاوازی بۆ دانراوە، پێم وایە تەمەنی ئەو گۆرانییە لە دەورووبەری 25 ساڵدایە، کەچی بە داخەوە تا ئێستا کەس نازانێت ئەو شاکارە ئاوازی چی بلیمەتێکە!!!.
گەر کار وا بڕوات فۆلکۆرەکەمان ئەوەندی تریش دەوڵەمەند تر دەبێت و گۆرانی ڕۆژئاواییشی دەچێتە سەر، چونکە تا ئێستا گۆرانی ڕۆژئاوایی لە ناو فۆلکلۆرەکەماندا نەبووە، گۆرانی گرفتار دەبێتە یەکەم گۆرانی ڕۆژئاوایی لە ناو فۆلکلۆری کوردیدا.
یەکێک لەو پێشڕەوانەی گۆرانی ڕۆژئاواییان هێنایە نێو هونەری کوردییەوە، مامۆستای بەڕێز عومەر دزەیی بوو، بە خۆش حاڵییەوە ئێستا لە ژیاندایە، کەچی ئاوازێکی ڕۆژئاوایی کوردی، کەس نازانێت ئاواز و تێکستی کێیە، بۆیە ئێمە هەر هەموومان گرفتارین، نەک هەر ئەوانەی گۆرانی گرفتار دەڵێنەوە.